## دەرکەوتنی"بەیان"لە وەرزی خەزانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا

هۆمەر نۆریاوی

لە قۆناخێکی هەرە ناسک و هەستیاری مێژوودا کە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵات لە حاڵی گیان کەنشتدایە و تەنێ نووزەیەکی لێوە بەرگوێ دەکەوێت و بەشی فرەی بە ڕەشکردنەوەی ڕووپەڵی پاکژەوە مژولە یان نایەوێت یانژی ناوێرێت خۆ لە قەرەی پرسە چارەنووسساز و هەستیارەکانی کۆمەڵگە بدات و کەمتر بلاڤۆکێکت پێ شک دێت خودانی دەستەیەکی نووسەرانی کارامە و لێزان و پیشەیی و پرۆفشناڵی بواری ڕۆژنامەگەری بێت،لێ دەرچوونی ژمارەیەک ڕۆژنامە و گۆڤار لێرە و لەوێ،هەندێک تەمەکە دەرەوێنێتەوە و تۆوی هیوا لە دڵاندا دەچێنێت.

گۆڤاری "بەیان"،یەک لەو گۆڤارانە دێتە ئەژمار کە خۆی بە گۆڤارێکی فەرهەنگی،کۆمەڵایەتی ناودێر دەکات کە بە دوو زمانی کوردی-فارسی هەر دوو مانگ،جارێک چاپ و بڵاو دەبێتەوە. ئەم گۆڤارە،بە هەمان ڕێچکە و ڕێبازەکەی "سروە"ی ئازیز و یادگاردا دەچێت و دەستەی نووسەرانی دەیەوێت بە هەمان بین و هەناسەوە لە پێناو درێژەدان بە خەباتی ڕۆژنامەگەریی کوردی کار بکات و خزمەت و ڕاژەی چاند و کولتووری کوردی بکات.

خودان ئیمتیاز و بەرپرسی گۆڤارەکە،دوکتۆر"ئیسماعیل مستەفازادە"،زانستوەرێکی گەلپەروەرە کە بە هاریکاریی و هەوڵ و خەبات و خەمخۆریی کۆمەڵە مرۆیەکی نیشتمانپەروەر،گۆڤارەکە چاپ و بڵاو دەکاتەوە و لە باری ماددییشەوە ئەوە تەنیا مرۆ دڵسۆزە گەلپەروەرەکانن کە پاڵپشتی دەکەن و لە هیچ ئالی و لایەنێکی فەرمییەوە یارمەتی دراوی وەرناگرێت.

بەیان،گۆڤارێکی سەربەخۆ و بێلایەنە و ئێستا پێی ناوەتە ساڵی سێیەمی تەمەنەوە و هەتا هەنووکەیش، ١٢ژمارەی لێ چاپ و بڵاو بۆتەوە. ژمارەی یەکەمی ئەم گۆڤارە،مانگی گەلاڕێزانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی(٢٠١٨) بڵاو بۆتەوە.

گۆڤارەکە،لە چاو ئەزموونی دوور و درێژی ڕۆژنامەگەریی کوردی،هێشتا لە قۆناخی دەستپێکدایە و بە گۆڤارێکی تازە و ساوا دادەنرێت و پێویستی بە پێنووس و خامەی بەپێزی گشت ڕووناکبیرێکی پەرۆشی چاند و فەرهەنگی کوردی هەیە.

بەیان،هەوڵ دەدات بە بێ جیاوازی،خزمەتی گشت زاراوە سەرەکییەکانی زمانی کوردی بکات و ئەمەیشی لە ماوەی سێ ساڵ کارکردنەدا سەلماندووە. بەڵام پێویستە ئەم پرسە بەوپەڕی وشیارییەوە جێبەجێ بکرێت و ئەرکەکە بخرێتە ئەستۆی کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و وەک دەرفەتێک سەیر بکرێت نەک چێکردنی کەند و لەند و تێکدان و شێواندنی زمانی پاکژ و زەنگین و دەوڵەمەندی کوردی.

نوێترین ژمارەی بەیان،ژمارە ١٢،مانگی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی(سێپتەمبەری ٢٠٢٠)چاپ و بڵاو بۆتە. ئەم ژمارەیەی بەیان،ئاوڕ لە مۆسیقای کوردی لە هەر هەموو پار و بەشەکانی کوردستان دەداتەوە و کۆمەڵە بابەتێکی دەوڵەمەند و ڕەنگاڵەیی لە خۆ دەگرێت. شیاوی ئاماژەپێدانە کە بەیان لە شاری پێشەوای کوردان و قەڵای مەردان،مەهاباد،دەردەچێت و لە هەر هەموو ستان و پارێزگە کوردنشینەکانیشدا بڵاو دەبێتەوە.

بەیان،یەک لەو دەگمەن بڵاڤۆک و گۆڤارە کوردییانەیە کە جیهانی زارۆکانی لە بیر نەکردووە و هەر جارە و پاشکۆیەک بە ناوی"گڕ و گاڵی نوێ"بۆ منداڵان بڵاو دەکاتەوە و تا ئێستا ١٢ پاشکۆی بۆ منداڵی کورد بڵاو کردۆتەوە. پەروەردەکردنی منداڵی کورد لەسەر دوو بنەمای هەرە گرینگی زمان و چاندی کوردی،یەک لە مەبەستە سەرەکییەکانی دەرکردنی ئەم پاشکۆیە دێتە ئەژمار.

بەیان،ئەگەر دەیەوێت ژمارە لە دوای ژمارە زێتر پێش بکەوێت،پێویستە لە بن چاودێری دەستەیەکی نووسەرانی کارامە و خودان ئەزموونی بواری ڕۆژنامەگەرییدا دەربچێت و هەرگیز خۆی پاتە نەکاتەوە و بەردەوام کاژ فرێ بدات. ژیرانە دەست بۆ پرسە هەستیارەکان ببات و دەوری چرایەکی گەش بۆ سبەی ببینێت؛ئەگینا ئەمیش زۆر زوو گیرۆدەی پەتا گشتییەکە دەبێت و پاش ماوەیەکیش،تەنیا ناوێکی ڕووکەشی لێوە دەمێنێتەوە.

جێی خۆیەتی هەر لێرەوە دەستخۆشی لە سەرپاک ستاف و دەستەی نووسەرانی بەیان بکەم و دادێیەکی درەوشاوەیان بۆ بە ئاوات بخوازم.

لە ژمارە ١٢ی بەیاندا بابەتێکی توێژینەوەیی نووسەری ئەم دێرانە لەسەر هونەرمەند ئیسماعیل سابوور لە بن سەردێری"سروەی دەنگێک و غوربەتی ناخێک"بخوێننەوە.

